## هۆزان جۆمەرد:

# کوڕێکم لەئەڵمانیا خۆی سووتاند و بووە قوربانی.. کوڕێکی دیکەم لە وڵات شەهیدبوو .. ژنەکەم کادیری سیاسیە و منیش هونەرمەندی گەریلاکان

لەگوندی لێوژەی بناری قەندیلدا و لەیەکێ لە ژووری گەریلاکانی پەکەکە هونەرمەندێك دانیشت بوو، یەکێکی ریشهاتووی ڕەنگ خاکی و کوردستانی، ئەویش هونەرمەندی باکووری کوردستان( هۆزان جۆمەرد )ە، ئەو خەڵکی شاری دەرسیمیە و لە ساڵی ١٩٥٠ لەوێ لەدایك بووە، لەسەرەتای ژیانی کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئاینی و بەتایبەتی رێباوەری مەولەوی کە زۆر بڵاوە لە کوردستانی تورکیا، بۆماوەی بیست ساڵە کوردستانی تورکیای بەجێهێشتووەو خاوەنی منداڵیکە و دوو کوریشی لەناو پەکەکە شەهید بوونە.

**دیمانە: محەمەد گەلاڵەیی**

هونەرمەند (هۆزان جۆمەرد) لەسەرەتای پرسیارەکانی گۆڤاری کوێستاندا وەڵامەکەی بەسەرەتای باسکردنی ژیانی منداڵی دەستپێکردو وتی:" لەسەرەتای ژیانی منداڵیم کەوتمە ژێر کاریگەری بیری ئاینی، بەتایبەتی بۆماوەی حەوت ساڵ لە قوتابخانەی ئاینی دەمخوێند، پاشان دەوڵەتی تورکیا ئەم قوتابخانانەی قەدەغەکردو پاشتر تا سێی ناوەندیم خوێندووە، لەهەمان کاتیشدا زۆر کەوتمە ژێر کاریگەری رێباوەری مەولەوی کە زۆر بەربڵاوە لە تورکیا." هەروەها ئەو باسی بنەماڵەکەی خۆی دەکات کە بەشداری شۆرشی شێخ رەزایان کردووە لە دەرسیم لە ساڵی ١٩٣٧و دواتر ماڵبەتەکەیان دوورخراوەتەوە بۆ ئەنادۆڵو پاشتر تا ساڵی ١٩٥٥ نەگەراونەتەوە بۆ دەرسیمو دەڵێت:" بنەماڵەی ئێمە بەهۆی ئەو نزیکایەتیەی هەمان بوو لەگەڵ ماڵی شێخ رەزا بەشداری شۆرشی دەرسیمان کردو دەورێکی باشمان هەبووە، لەگەڵ ئەوەی ماڵباتەکەمان دووخراوەتەوە بۆ مەنفا تا ساڵی ١٩٥٥" هۆزان جۆمەرد هەر لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆرشی چەکداری پەکەکە لە باکووری کوردستان پاش دەساڵ روودەکاتە وڵاتی ئەڵمانیا تا ئێستا لەوێ گیرساوەتەوەو دەڵێ:"لە ساڵی ١٩٨٧ تورکیام بەجێهێشتووەو چوونەوەی منیش وەك هونەرمەندەکانی تر نییەو قەدەغەیەو لەوانەیە زیندانی بکرێم، هەروەها کاری من لەئەڵمانیا تەنیا کاری هونەریو راگەیاندنەو بەڵام ژنەکەم کاری سیاسیی دەکات بۆ پەکەکە، بۆماوەی دوو ساڵ لەسەر کارکردنی بۆ پەکەکە پۆلیسی ئەڵمانیا گرتیو دواتر ئازادکراو ئێستاش هەر بەردەوامە لەکاری سیاسی." سەبارەت بەکارە هونەریەکانی لە ئەوروپا ئەو دەڵێت:" کارە هونەریەکانم لە ئەڵمانیاو وڵاتانی ئەسکەندەناڤیاو ئوسترالیا ئەنجامدەدەم، هەروەها لە جەژنەکانی نەورۆز بۆنە کوردیەکان ئامادە دەبم." لەوەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری کوێستان کە ئایا پۆلیسی ئەڵمانیا لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکەن کە هاتۆتە ناو گەریلاکانی پەکەکەو هۆزان جۆمەرد وتی:" پۆلیسی ئەڵمانیا ناتوانێت لێکۆڵینەوە لەگەلم ئەنجامبدات، چونکە من کادیری سیاسیو عەسکەری پەکەکە نیم." لەدرێژەی چاوپێکەوتنەکەمان لەگەڵ ناوبراو باسی ئەوەی بۆ کردین کە تا ئێستا نزیکەی (١٠٠)گۆرانی بۆ گەریلا و نیشتیمان ووتووەو دەڵێت:" نزیکەی (١٠٠) گۆرانیم بۆگەریلاکانی پەکەکەو نیشتیمان ووتووەو لەگەڵ ئەوەی یەك سیدم هەیە." هۆزان جۆمەرد ئاماژەی بەوەدا کە بۆ دووجار هاتۆتە کوردستانو چەند کۆنسێرتێکی بۆ گەریلاکانی پەکەکە کردووەو لەگەڵ ئەوەی سەردانی کەمپی مەخموری کردووەو کۆنسێرتێکیشی لەوێ ئەنجامداوەو دەڵێ:" دوو جار هاتومەتە ناو گەریلاکانی پەکەکەو چەند کۆنسێرتێکم بۆ ئەنجامداون، لەگەڵ ئەوەی کە سەردانی ناو گەریلاکان دەکەم زۆر دڵم خۆش دەبێت، چونکە ئەو شوێنەی ئەوان لێی نیشتەجێنە بەنیشتیمانێکی ئازادکراوی دەزانم." هۆزان جۆمەرد سەرەرای ئەوەی کە خۆی خەبات بۆ پەکەکە دەکاتو ژنەکەشی کادیرێکی سیاسی پەکەکەیە لە ئەڵمانیا دوو کوریشی شەهیدی پەکەکەن بەناوەکانی(سینانو تایلان) کە یەکێکیان خۆی سوتاندوە بۆ پەکەکە لە وڵاتی ئەڵمانیاو ئێستاش پەکەکە چەندین گەریلای بەناوی



کورەکانی من ناوە بۆ ئەوەی هەر بە زیندووی بمێننەوە دەڵێت:" دوو کورم بەناوەکانی (سینان و تایلان) شەهیدی پەکەکەن و یەکێکیان خۆی سووتاند لە وڵاتی ئەڵمانیا بۆ پەکەکەو بەردەوامبوونی خەباتی کورد لە باکووری کوردستان، هەروەها چەندین گەریلاکانی پەکەکە بەناوی کورەکانی من ناونراون بۆ ئەوەی هەرگیز لەیاد نەکرێن." هۆزان جۆمەرد باس لە نهێنیەکی دەکات کە تا ئێستا باسی نەکردووە بۆکەناڵەکانی راگەیاند نهێنیەکەشی ئەمەیەو دەڵێ: " بیست و یەك ساڵە ریشم نەتاشیووە، لەبەرئەوەی پێشتر لە ژێر کاریگەری بیری ئاینیو تەریقەتی مەولەویدا بوومە، هەروەها ریش هێشتنەوە خەسڵەتێکی کوردایەتی و شۆرشگێرییەو تا باکوری کوردستانیش ئازاد نەبێ ریشەکەم ناتاشم." هۆزان جۆمەرد وەك هونەرمەندەکانی تری کوردستانی باکور چۆتە سەردانی عەبدوڵلا ئۆجەلان لە وڵاتی سوریا لەرێگای وڵاتی ئەرمینیاوەو دەڵێ:" یەك جار سەردانی عەبدوڵلا ئۆجەلانم کردووە لە سوریا بەرێگای ئەرمێنیا لە ساڵی ١٩٩٨ دوو رۆژ لەلای مامەوە بیر و تێرامانی ئەو بۆ هونەر و چاندی کوردی زۆر فەلسەفی و کۆلتوری بوون هیوای دەخواست کە هونەری کوردی پێشکەوێت." سەبارەت بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ هونەرمەند شڤان پەروەر هۆزان دەڵێت:"شڤان پەروەر یەکێك بوو لەو سێ هونەرمەندانەی کوردستانی باکور کە لەسەرەتای سەرهەڵدانی شۆرش دەرکەوت و کاریگەریەکی زۆری هەبوو بەسەر خەڵکی باکور، بەڵام دوای وازی لە پەکەکە هێنا." ئەو لەدرێژەی قسەکانی لەسەر شڤان پەروەر دەڵێت:" دانەبەزینی هەندێ لەکلیپ و گۆرانیەکانی شڤان پەروەر لە رۆژ تیڤی و ئێمم سی دەگەرێتەوە بۆ کێشەی شەخسی و ئەوە پەیوەندی بە منەوە نییە." سەبارەت بە پەیوەندیەکانی نێوان شڤان پەروەر و ئاپۆ دەڵێت:" شڤان پەروەر پەیوەندیەکی پتەوی هەبوو لەگەڵ سەرۆك ئاپۆ، تا گەیشتە ئەو رادەیەی ئەو کورەی هەیە بەناوی (سەرخۆبوون) سەرۆك ئاپۆ ناوی نا، هەروەها کاتێ سەرۆك ئاپۆ چووە ئیتاڵیا شڤان و گوڵستانی بانگهێشت کردن." ئەو سەبارەت بەجیابوونەوەی شڤان پەروەر و گوڵستان دەڵێت:" ئێمە زۆر هەوڵماندا کە هەردووکیان لەیەك جیانەبنەوە، بەڵام دیارە ئەمە کێشەی خێزانییەو هەتا رۆژێکیان ئەو باسەم لەگەڵ شڤان پەروەر کرد کە جیانەبێتەوە لەگەڵ گوڵیستان، بەڵام لەکۆتاییدا هەر دوولا بریاری جیابوونەوەیاندا" لەکۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا هیوای خواست کە رۆژێك کۆنسێرت لە گشت شارەکانی کوردستانی باشور بکات.